بافڵ جەلال تاڵەبانی: هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ لابردنی بەربەستەکانی بەردەم یەکخستنەوەی پێشمەرگە

سەرۆکی یەکێتی جەختیکردەوە، هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ لابردنی بەربەستەکانی بەردەم یەکخستنەوەی پێشمەرگە و لەگەڵ ئەوەدان کوردستان هێزێکی نیشتمانیی تۆکمەی هەبێت.

بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەمڕۆ سێشەممە،لە دەباشان لەمیانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ لیوا روکن عومەر ساڵح، فەرماندەی هێزەکانی 70ی پێشمەرگە، دوایین هەوڵ و هەنگاوەکانی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، دۆخی ئەمنی و مەترسییەکانی تیرۆر و هەڕەشەکانی داعش لەسەر ئاسایش و ئارامی عیراق تاوتوێکرد..

وتیشی لەگەڵ ئەوەداین کوردستان هێزێکی نیشتمانیی تۆکمەی هەبێت و ئێمە بە تەواوی توانامانەوە هاوکار دەبین بۆ لابردنی بەربەستەکانی بەردەم یەکخستنەوەی پێشمەرگە.

ئاماژەی بەوەکرد، ”بۆ گەیشتن بە دڵنیابوونەوە لەوەی تێکشکاندن و لەناوبردنی یەکجارەکیی تیرۆریستان پێویستە بەردەوام هاریکاریی هاوبەش لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عیراق و

ه□زه□كانى هاوپه□يمانان ه□ب□ت“.

□

□